پاشکۆیەکی گۆڤار (نما)یە

تایبەتە بەدەقی شیعریی‌و رەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبی

ژمارە ٧ی

پاییزی ٢٠٠٥

---

خاوەنی ئیمتیاز: ئیسماعیل کوردە

سەرنووسەر: ئاسۆ جەلال

سەرپەرشتی

جەمال پیرە

راوێژکاری نما: رێبین رەسوڵ ئیسماعیل

پیتچنین: رابەر محەمەد قادر، عیماد رەسوڵ

هاومەند صەباح، رزگار حەسەن شین

دیزاین : نما

ناونیشان: نوسینگەی گۆڤاری نما هەولێر، رێگای

پەرلەمان– پارێزگا ،ت: ٢٢٣٣١١٨

ئیمێل:

govarinma@yahoo.com
nma_magazine@hotmail.com

# نێوەرۆك

* ئەم پیاوەی من........... لازۆ............................٥

* هەروا ... باڵە درەوشاوەکان لە باڵەفڕێدا.....هەندرێن......٧

* کۆ شیعرێکی کچەشاعیری سویدی"ئیلینۆرا برۆ"....و، هەندرێن...٢١

* سیماکانی ئەو.............شێروان خدر..................٢٦

* هەناسەیەك............باران عەلائەدین..................٣٢

* ئافرەت لەناو باوەشی تارماییەکی.........حسێن ئەحمەد.٣٧

* پایزێك لە دەرگادەدا.......  عومەر کەریم بەرزنجی.........٤٤

* من و پاشای گەورە لە مەحشەردا.....ئارام رەمەزان........٤٩

* چراکانی کۆسار........سەباحەت تاهیر.................٥٦

* رێککەوتن ..........رزگار عومەر خەلیل.................٥٨

* گوڵێك بە بۆنی غەریبی من هەڵوەری.....دانا عەسکەر.......٦٠

*خەونی موسافیرێك..........شوان عەلی..................٦٦

*لەتایی من یا مانگ؟............نەبەزمحەمەد...............٧٢

* کچەکەم لێرە فێری چی دەبێت؟.........پێشڕەو حسێن...٧٥

*لەو حیکایەت ...............سۆران عەبدوڵا............٧٨

## کلاورۆژنه:

هەمیشه بەتاسەوەین تا بتوانین به جوانترین نمایش بێینه بەردەمی خوێنەر،دیاره ئەنجامدان و بەجێگەیاندنی کارێکی باشیش ئەوەنده ئاسان نییه بەشێوەیەك بێت که ماندووبوون و شەونخونی نەوێت. هەڵبەته ئێمه پێمانوایه هەر هەنگاوێك له دوای خۆیدا تروسکایی و ئومێدێکی دڵنەواکەر ببینیٚ ، ئەگەر شەوو رۆژی ژیانی خۆمانی بخەینەسەر، ئاساییه، بەڵیٚ لەوکاتەدا هەست به ماندووبوون ناکەین که ببینین کارێکمان ئەنجامداوه دەوروبەری به ئاگا قەبوڵییەتی. ئەو کاته دەحەسێینەوه وەختیٚ توانیبێتمان بەهۆی بەرهەمەکانمانەوه ستاتیکیترین چرکەساتمان خوڵقاندبیٚ. هەموو هەوڵ و ماندووبوونێکی ئێمەش لەسەرەتاوه بۆ ئەوه بووه ئیدی لێرەوه مرۆڤی کوردیش مافی خۆیەتی له دنیای تایبەتی خۆیدا بژییٚ و بتوانیٚ خۆی وەك مرۆڤ گوزارشت له بوونی خۆی بکات. دیاره دەکریٚ و له وزەی مرۆڤدایه مرۆڤایەتی بەرەو ئاراستەی جوانیی بەریٚ، دەکریٚ جوانیی بکرێته بازنەیەك هەموومان بەدەوریدا بخولێینەوه، دەکریٚ له رێگەی هەستکردن به جوانییەوه بەدوای دەق و تێکستی نەمردا بگەڕێین، بۆیه لەلای ئێمه له هەموو شتێك زەروورتر "بەردەوامبوونه" ، وەختیٚ بەردەوامیی دەبێته تاکه پێوەرێك بۆ بەرجەستەکردنی جوانیی ناچارین ملکەچی بین، لەو سۆنگەیەوه بوو "گۆڤاری نما" بڕیاریدا بوو "شیعرنما" وەك سەکۆیەکی تایبەت به شیعر بکات به تاجه گوڵینەیەك بۆ خوێنەری کورد، هەم له پێناو پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی ئەمرۆکه له نێوەندی روناکبیریی کوردیدا بەدیدەکرێت هەمیش بۆ ئەوەی خزمەت به رەوتی ئەدەبیی کوردیی بکات و ببیٚ به دەنگی شاعیری کورد، لەم چەند ژمارەیەی خۆیشیدا شیعرنما توانیویەتی چەندین دەنگی نوێی شیعریی بناسێنیٚ و له ئێستاشدا ٢٠٠٥/٩/٢١ که شەش ساڵ بەسەر تەمەنی "سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی و ئەدەبیی نما"دا تێپەڕدەبێت هەلومەرجێکی تایبەت هاتۆته ئاراوه، دوای لێوردبوونەوەیەکی قووڵ له ئاکام گەیشتینه ئەو بڕیارەی که ئەم ژمارەیەی "شیعرنما" دوا ژمارەی خۆی بێت بەم سکێچەیەوه و له جیاتیدا گۆڤاری "سێبەر" تایبەت به ئەدەب و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیی دەربکات، هەروەك گۆڤاری"شیعر" تایبەت به شیعرو توێژینەوەی شیعریش دەربکات که هەردوو برای نووسەرمان (د.ئەحمەدی مەلا و د.فەرهاد پیربال) ستافی نووسینی دەبن، بەو هیوایەی شێوازێکی چڕتر بدەین به بواری شیعرو توێژینەوەی شیعریی و تەکانێکیش بیٚ بۆ ئەم نەوەیەی ئێستامان که هەلومەرجه جیاجیاکان کاری لێنەکات و نەبیٚ به کاراکتەرێکی دابڕاو له دنیای خوێندنەوه و بایەخدان به کاری ئەدەبیی، له راستیدا گۆڕانکارییەکانمان له پێناو نوێبوونەوەدان، له پێناو ئەوەن که سەلیقەی خوێنەری کورد لەگەڵ ئاراستەی بیرکردنەوەی خوێنەری جیهانیدا بیٚ و دەسبەرداری تێڕامانی کلاسیکیانه بێت، بۆ تێکستی کوردی، که به لای ئێمەوه دەکریٚ لێرەوه جیهانبینی تێکستی کوردی هیچی کەمتر نەبێت له جیهانبینی تێکست و دەقی بیانی، وەك ئەوەی که توانا و کاریی و سەلیقەی مرۆڤی کورد ئەگەر زێدەتر نەبێت له خەڵکانی تر کەمتریش نییه. ئەمێنێتەوه ئەوه بڵێین سوپاسی هەموو ئەو شاعیرو نووسەرانه بکەین که له (٧) ژمارەی رابردووی شیعرنما دا هاوکار بوون و سوپاسی ستافی شیعرنماش بکەین که بەپێی توانای خۆیان له ئامادەکردنیدا ماندوونەناس بوون.

جەمال پیره

# ئەم پیاوەی من

لازۆ

وەرزی دووەمی منو کەمانچەژەن

بەیانیان خۆی خەبەرم ئەکاتەوە بۆ قوتابخانە
جلەکانی ئەو ڕۆژەم بۆ دائەنێ،
بەرچاییەکە دێنێتە ژووری نوستنەکەو
ئینجا بە ئاستەم بە گوێمدا ئەچرپێنێ:
کچێ هەستە ژیان لە بەئاگایماندا جوانە!
هەردوو لەسەر جێگاکە
نانی بەیانی،
ماچی بەیانیو باوەشی بەیانی ئەخۆین،
عەسران خۆی
ئەمهێنێتەوە بۆ ماڵەوە
ئەمباتە چێشتخانەکەو
خواردنێک لە سۆز ،
ماچێک لە میهر ،



مۆسیقایەک لە کەمانچەو باوەشێک لە پیاو
ئامادەیە.
چایەکی شیرین
لە کوپێکی شیندا
لەبەر دەممدا دائەنێیت
ئینجا ئەڵێ: کچێ ئەم عەسرەش
ژیان وەک (چا)کەی تۆو ڕووخساری تۆو لێوی تۆ
شیرینە.

ئەبێتە ئێوارە
عەزییەکی کورتی قاوەیی لە کەنتۆرەکەدا دەردێنێ
جووتێ گوارەی قاوەیی
ملوانکەیەکی قاوەیی
باوەشێکیخاکیو
ئینجا ئەڵێ:
دەی کچێ وەرە دانیشە
با نینۆکەکانیشت بۆ بۆیە بکەم، دیسان قاوەیی!
دەستم ئەگرێو
ئەمبات بۆ پارکەکەی ئەوبەرمان
پێکەوە گوێ لە جریوەی پاساری، چرپە چرپی
نەورەسو
هەناسەی پەپولە ئەگرین،
دیسان پێکەوە

گۆرانییەکی پەمەیی ئەچڕین‌و لە بزەی سەوزی
درەختەکان ئەڕوانین،
ئیتر بەدەم پیاسەوە
یەکتر پڕ دەکەین لە ماچی تەڕ،
لە باوەشی بۆندار لە گازی نەرم.
بەدەم پێکەنینەوە
گەروومان پڕ ئەکەین
لە ناوی یەك،
لە ئاوازی یەك
لە عەشقی یەك.
بەدەم ڕاکردنەوە
ورد ورد ئەتریقێینەوەو باخچەکە پڕ ئەکەین
لە ئەوینێکی پیرۆزەیی...
باخچەکە لێورێژ ئەکەین
لە سەماو وێنەی یەکتری.
ئەچینە لای حەوزو ئاوێکەوە،
ئەو ئەکەوێتە جگەرە کێشان‌و....
قژ کاڵی لێو ئاڵی،
پڕشنگی نیگا کاڵ
ئەی کچە....
منیش بە پێکەنینەوە بە گەرووی ژیلا ئەچڕم:
مەخمووری شەڕابی نیگاهت پڕ لە مرادم
حەیرانی غەمی هیجری ئەتۆم ناچی لە یادم
مەولوودی ئەوینت لە دڵی پڕ لە کوڵی من
دەرمانە، شەفایە، بزەیە، بۆیە کە شادم*

دێتە بەرامبەرم، لە چاوانم دەڕوانێت
من خەمی قاوەیی پشت چاوە ڕەشەکانی
ئەخوێنمەوە
ئەو برینی دڵ‌و لەرزینی لێوەکانم لە کاتی گریانا،
من نا ئارامیی ئەو لە چۆنێتی گرتن‌و یاریکردن بە
جگەرەکەیدا
دوا سەفەری من،
ئەو تەنیایی من لە شێتبوون،
پۆشینی ڕەنگی ڕەش‌و نەنووسین دوای مردنی خۆی.

ترسی من‌و ئەو لەو سپێدانەیە
کە لەسەر جێگاکە چاو ئەکەینەوەو ئەوی ترمان
لەوێ نیە
برینی ئێمە برینی ئەو نیوەڕوانەیە
چێشتخانەکە چۆڵ‌و بێدەنگە
خواردنەکە سارد ئەبێتەوەو ئەوی ترمان دیار نیە.
مەرگی هێواشی ئێمە لە پارك‌و لە نزیك ئەو
کانیەیە
کە ئیتر ئەوی ترمان
گۆرانی ناڵێ‌و قژ کاڵیش ئیتر قژی کاڵ نییە

ئاخر ترسی باخچە بە تاڵبوونەوەیە لە ماناکانی
سەوزبوون‌و هی ئێمەش
بە تاڵبوونەوە لە عەشقی یەک،
تەڕی چاوەکانی باخچە
لە ترسی نەبینینەوەی بارانەو سەوزی برینەکانی
ئێمەش
ترسی مردنێکە لە دەرەوەی ژووری نوستنەکەمان.
من دەستەکانی توند دەگرم
ئەیاننێم بە لێومەوەو پێی ئەڵێم:
ئەبێ ئیتر تۆ بزانی
ئێواران ژنێک چاوەڕێتە دەرگاکەت بۆ بکاتەوە
ژنێک چاوەڕێتە،
باوەشت پیا بکات‌و ماچبارانت بکات،
دایکی مناڵێک لە پەنجەرەکەوە ئەڕوانێتە هاتنەوەت،
کە گەورە بوو چووە قوتابخانە ناوی باوکیان لێ
پرسی،
ناوی تۆ ئەڵێت
لە تاقی‌کردنەوەکاندا
لەسەر پەڕەکەی ژێر دەستی
لە تەنیشت ناوی خۆیەوە ناوی تۆ ئەنوسێت!
کە ئەشپرسن دایکت بۆ وا خۆشبەختە؟
ئەڵێت: ئاخر باوکم هەموو شەوێک
بە کەمانچەکەی ئاوازێکی نوێی بۆ ئەژەنێ.

ئەم پیاوەی من هەموو شەوێک شتێکی تازەم پێ
ئەڵێ:
گەر هەر بشیەوێ بێدەنگ بێ،
هەردوو دەستی ئەخاتە سەر چاوەکانم‌و ئەمباتە بەر
پەنجەرەکە،
ئینجا هێواش دەستەکانی لائەبات‌و لە شوێنێکی تر
دائەنێ.
هەناسەیەکی نەرمی ئاوڕم پێ ئەداتەوە.
ئیتر هێندەی من لە چاوەکانی ئەڕوانم زۆر نابات،
عەشق‌و ماچ‌و ڕاموسان ئەمباتەوە.
نا ئیتر هێندە نابات
ئەو مەست ئەبێت،
کەمانچەکە ئەگرێت بە دەستیەوە،
من بزەیەک ئەمگرێ‌و ئەڵێم:
ئەزانم کەمانچەژەن سەمات ئەوێ،

بە کەمانچەکەی ئاوازێکی نوێ ئەژەنێ،
گوێم لێیە بە هێواشی لە ژێر لێوەوە ئەچڕێ:
من ئەزانم
چاوەکانی تۆ ئەچێ،
من ئەزانم
کە ئەچێتە بەر ئاوێنەکە وەکو تۆ پرچی دائەهێنێ،
کە گەورەش بوو،

هەروەکو تۆ شیعرێک بۆ تاقانەیی ئێمە ئەنوسێ.
من گەرووم تەڕ ئەبێ،
چاوەکانم ئەبڕمە چاوەکانی‌و
بە دەنگێکی زۆر نزمتر پێی ئەلێم،
من ئەزانم،
وەکو باوکی کەمانچەی خۆش ئەوێ،
من ئەزانم،
ڕۆژێک ئەچێتە بەر دەرگای ماڵێک‌و هەمان ئاوازی تۆ
بۆ یەکێکی وەکو من ئەچڕێ.
ئەویش وەک ئێمە ئەڵێت:
ترسی من‌و ئەو لەو سپێدانەیە کە لەسەر جێگاکە
چاو ئەکەینەوەو ئەوی ترمان لەوێ نییە،
برینی ئێمە برینی ئەو نیوەڕۆیانەیە
چێشتخانەکە چۆڵ‌و بێ دەنگە،
خواردنەکە سارد ئەبێتەوەو ئەوی ترمان دیار نییە.
مەرگی هێواشی ئێمە
لە پارک‌و لە نزیک ئەو کانیەیە کە ئیتر ئەوی ترمان
سەما ناکاو کەمانچەش دیار نییە.

* کۆپلە شیعرێکی ژیلا حسینی.

*کۆپلە شیعرێکی مامۆستا گۆران.



# هەروا ... باڵە درەوشاوەکان لە باڵەفڕێدا

هەندرێن

١

ڕێگاکان سێبەری مانگ دەپۆشن،
کۆچەکەت بەناو شەو ڕێدەکا.
شاخەکان ملکەچ‌و پێدەشتیش هەڵکورماو دەسووتا
ئابلۆقەت خوێندەوەو
تفەنگە هاوڕێکەت.
خەونەکان :
لە ڕاڕەوەکانی ئایندە سەرابن.

٢

بە رامان، لە دەنگ‌و جەنگەکان،
زایەڵەی کێوەکان دەجمێنن.
ئەوەتا بە ویستی نامۆیی باڵدەگرم ،
بۆشاییم تەنییەوە.
بە پیتی ئەزموونێک لە خوڕە،
تاراوگەی نەبینراو،
لەچاوی ئاسۆییەک دەنووسیتەوە.

٣

کۆچ بە ئاماژە شەبەنگییەکانی،
ڕێچکەیەک لە بناری کارۆخو
تێرێژیک لە داستانی "قەوزەی ناو کانییەکەی
مەلەکان"
لەماڵی یادەوەری دەڕوانێو دەنوێنێ.
لێرەڕا، رۆشناییەک لە روانگەو
هزرێکی تێنووش، لەجەستەمەوە هاتکە هاتک
رادەپسکێ.
بۆ زەردەواڵەکان دەروازەکەت والاّ بکە،
ئەی ئاینده!

٤

بەنهێنی شەو کۆچو
ئەستێرەی راماوی سەر لووتکە،
شەوبایەک لە وێوە بۆنی چیا هەڵدەگرێو
تەنیایی ئێوارەی یەک شەممەو بۆشایی باغچەکەم
ئاوڕشیندەکا.
ئاوڕێک بۆ دەستنووسی سەر هەنییەک دەڕوانێ:
ژیاننامەیەک لە باڵی بێماڵی،
تاراوگەش تاقیکردنەوەیەک لە نادیار.

٥

لە ئاوەلاّ بوونو لەهەنگاوو
لە گەڕانەوەو لە دۆشداماندا،
کردەی هەڵکاڵینێکە:



دەنگدانەوەی وشە.

٦

بەدەم گەڕیدەی بۆشایی،
بەنێو چۆڕانەوەی چۆڵایی،
لەبەر چاوانو بەدەست ئاوابوونی ئاگایی،
بەجێنشین بوون سێبەرێک
سێبەرێک شەق دەکەی.
لە جێگۆڕکێی کات و لە شوێنە کاڵبوەکاندا،
باڵفرەو رەو کردنێکە :
سووڕگەی باڵە سرتە هەڵگرتووەکانی،
شەبەنگی زمانی من.

٧

لە بزواندا سەرچاوە گۆڕانتە.
شوێن لە ئاماژەی یەکاتیەک دەخەملێ،
یان ئامادەبوونی ئاراستەی ئاسۆیەک؟
جمانی پرسیارێک ! زایاڵەی چڕبوونەوەیەک،
رامانت دەفرێنێ.
هێڵی کۆچ، تەمتەمەی هزرەکان،
ئاسۆکەت دەبێژێ.
بەچاوەکان نقوومتدەکا جیاوازی،
دەتەنێتەوە پەرگیریی.
کەواتە: ئاوارە بوونێکو لە رۆچوونی
تێهەڵچوونەوەیەکدا،

رۆشندەکاتەوە زمانی بزوانت.
ئەوکاتەی بەدەم پەیڤینی کۆچڕەوا،
وەک نەبوون، لە ئاوێنە بوونەوەیەکدا:
دەلەریتەوە.

٨

لە گەڕاندایە مانایەک،
لەماناو لە یادتدایە کۆچەکەت.
باڵێک لە رابردوو و
رۆچوونێک لە دڵی داهاتوو :
جووتە باڵێکە هەبوونی پەیڤی من، ئاسۆکەم.

٩

ئازارێک لە چریکەی جەستەوە
نمایشێک لە یادی شەڕەکان،
لێرەوە بۆ ئەوێ،
لەخەودا رادەبێ:
نەلێرەو نە لەوێ.
لەنێوان دوو ماوە: دوو وڵاتی نامۆدا
خەونێکە پەرت دەجمێ، دەپەیڤێ:
ئەم منە!

١٠



راسانێک، کۆڕەوێک، لە دەنگی خێڵێکدا ئاوارە
دەبێ و
چڕنوکێک لە ناوەکیدا بیرهاتنەوەکان دەئەنجنێ.
مانایەک لە زاردا هەڵدەگەڕێتەوەو
نەوەیەک لە زماندا غەوارە دەبێ،
شوێن پێیەک لە شۆڕش، لەیەکاتییەکانی رماودا،
هەڕاجی رادەگەیەنێ.
مێژوویەک بەدەست دێوجامەی سەروەری
بێسەردا،
ئیرادەی زڕاوە.

١١

لەمدیو تەنورەی سورتەوە،
سەمای ختۆکەو شەبەنگی هەوەسە،
شەپۆلی مەمکی تۆ.
دەنگیشت جولانەوەی بارانەو
لەخاوی بوون دەچێ،
خورپەی شیلەی تۆ.
بە ژنێتیت تەڕبوونی دەنوێنێ،
ئێوارە.
کێشوەری مەیل دەچڕێ،
ئاهەنگی باڵندەی رژانت .
جەستەیەک لە یەکەی لەشێکدا دەپشوێ و
بەدەم ئاوازی راماندا،

دوو روبار نوقمی یەک دەبن .
لەچاو، لە دەمو بۆنی رۆحەوە،
هالاوی توانەوەین،
ئاوازێک دلاوێنینەوە. بارانێک دەنووسینیەوە.

**١٢**

بەسەر شەپۆلی شوێنەوە،
لە جەنگی کەلکەلەی کاتێکی بێخاڵدا.
بە بینیایەک لە فەراموشی زەریا،
جەستەی بە خەون گەمارۆدراوم
رووتدەکاتەوە:
ئەم کیژە.

**١٣**

تەقینەوەیەک لە گومان
فڕینێک بە باڵەکانی بێدەنگی،
هێورانە زمانم پڕدەکا لە جوڵە.
شەبەنگێک لە بزەی هەقیقەتە،
ئەم خودە.

**١٤**

تاراوەگەش تۆڕێکە لە سرتەی دیاردەی من
دەفراژێ،
تەکانێک لە قورگی عەدەمدا روانگەکەت تەیدەکا.
وەک جەنگێک پانتایی هەقیقەت دادەگرێ،
پەرتەوازەیەک لە روخسارتدا دەتکێو



لە هەڵکاڵینەوەتدا دابڕانێک لە ماک رادەگەیەنی.
لە پیت و لە سەرواى گوتندا تێهەڵدەچیتەوە،
دەلەریتەوە.
سورگوومی خەونێکە،
ئەم گێڕانەوەی من.

**١٥**

لەنێوان سێبەر و شەقی هەناردا،
بەدەم لەرزەوە شەبەنگی دەنوێنێ.
پاییزیش لەمدیوی ئاگایی گەلاوە دەرژێتە ناو
جەستەت.
لەخاو بوونەوەدا خەو دەیگرێ،
دەنگی تۆ .
لەناو جۆلانەی گەرمیدا،
خپ دەبێ مەمکی تۆ.
دەنووشتێمەوە،
دەگەشێتەوە، گنگڵدەدا نازی بۆن.
بە شلبوونەوەیەک لە دوای تامی هەنار
گوڵدانێک شیلەی لێدەرژێ،
شکۆفەیەک لە ئاوی مۆردا خپدەبێ،
هەنسێک بۆنی لێدەشنێو
گوڵەناریش بە چرپە رازی لێدەچۆڕێ.
سەر زەوی بە لەرزەی دەنگەوە لێوان لێو دەبێ،
سەرلەنوێ بەخۆمان دەگرێت:

عەدەمێک.

١٦

ئاراستەی جیاوازی وشەکان دەبینی؟
خواستنێک لە یەکایەتی گووتنگەل،
لەناوەکیترا دەتخوازێت.
بە ئاوێنە نابێتەوە ناکاتەوە،
زمانی دەرکیەت.
بیرڕۆیی تاودەداو
مەلەیەک لە فەرامۆشی رووگەی گەڕانتە.
کۆتاییەکی نیە:
ئاپۆرەی بێدەنگییەکەت.

١٧

لە دیمانیەک نەکرا بڵێم :
هەروا پەیوەندی وشەکان لە گەمەی شوێن پێیەو
خێڵی دەق لای ئێمە بێ کایەن،،،، هەروا ...
مخابن ...، ببوورە، ئەی سەرۆک!
نابیسترێی، نابینرێی،
ئەی دەڤەری جڵەوکراو، دەمبەستکراو!
ئاخر چۆن رامانێک هەنگاومان پێبەخشێ؟
لە ژاندا، لە شەهوەتدا، لەشاگەشکە بووندا،
بیرهاتنەوەیەکین لە قەدەردا:
دەلەرینەوە: لەیاددا دەچینەوە.

١٨



شتەکان بەدوای ناو ورووژان،
مەیلاندن لە باڵەکاندا بەنەوا ئاوەڵا دەبنەوە.
ژوورەکەم پڕ بووە لە ترپەی "گفتوگۆ"ی مەحویەکی
گەڕیدەو
پرسیاری خەڵوەتی دایگرتووم.
تاراوگەش لەبەر "جەستو جۆی) مانگەشەو،
بۆ چۆڵەکانی بەربەیان،
وەسوەسەی ماڵەوە دەگێڕێتەوە....

بەهاری ٢٠٠٥
ستۆکهۆڵم

شیعری سوێدی

بەرکۆلێک لە کۆشیعری :

## سەما لەسەر تەنافی پەردەی سێرکۆسدا

شیعری : ئێلیۆنۆرا برو / Eleonora Bru

وەرگێرانی بۆ کوردی: هەندرێن

### پەنجەرەیەك

١

پەنجەرەیەک دەتوانێ هەموو شەو ئاوەلاًبکاتەوەو
بەسەر ژیان‌و مەرگدا بڕیار بدات.
بێ ئەوەی دەرگایەکانی شەو دابخەی
بڕۆ بخەوە ...

٢

هەست چۆن دەنوێنێ؟
وەک خەونێک،
لە گوڵەبەرۆژە لە سێبەر.
ئەی ئەم خەونە؟
وەک هەڵکەوتێکە لە رامانگەل .
ئەی تەنیشت گۆڕین؟
لێ هیچ نابینێ،
سەیر دەکرێ!



لە خەونێکی تردا
کە دەخەوێ‌و
گەردوون دەکا بە دانسقەیی خۆی.

٨-٢٠٠٤ ستۆکهۆلم

### خەوی بەیانییەکی پێشتر

بۆ من کە بیر لە تۆ دەکەمەوە کاغەزەکان بۆنی
گوڵیان لێدێ؟
بۆ باوکم
چاوەکانم
خاڵین لە رۆناکی
تەنیا شەو هەڵدەمژن.
پێڵوە گرانەکان
ئومێدی بۆشایی دەخوازن
لە کەمی رۆناکیدا
هێمنن
تۆ و من بووین
بەیانییەکانیش
وەک منداڵە شادەکان
بەرەو ئەو ژوورە پیاسەیان دەکرد
کەلەوێدا ئومێدی خەوێکی بەکۆمەڵیان
بۆ ئێمە دەخواست
ئەو بەیانییە وڕێنەییانە
تەنیا دەیانویست

لەپێناو ئاژاوەکانی
هەناسەی سەرفرازانبوونێک لە خەمەکان
بە ئێمە ببەخشێ
من تا لەرزین
بیری ئەو چاوانە دەکەم
کە دەست لەناو دەست
لەنێوان دوو نیگادا
توانی ڕۆحێک بکاتەوە

٢٠٠٤/٨/٢٧ ستۆکهۆڵم

## هەتاو

دەڕۆم،
جوڵەکانی ئەو هەتاوە دەبڕم
کە لە دەوری چاوەکانمدا دادەنیشێ.
مێرگێکی زۆر،
بەدوو قاچەوە
خۆیان بۆ بینین بەرجەستە کردەوە:
بەرهەمدار کرد.
بەرەو رووما بەڕێکەوتن
تا پێک بگەین.
مێرگەکانیان پەلی هاوێشت و



قاچەکانی منیش
وەک هێزێکی راکێشەر
بەناو زەویدا ڕۆچوون.
بە رووی هەتاوی سووتێنەردا چەماوەو
هەستم کرد گژووگیا
نایەوێ گەشەبکا.
تێگەیشتم
لەو چەوەکان لە چۆکم دەتەکێنم
دەچم لە ئاسماندا پاڵدەکەوم.
بە دەستە راکشاوەکانمەوە
چۆلەکەیەک لە نێوان پەنجەکانمدا دەگرم.

٢٠٠٥/٤ ستۆکهۆڵم

## سترانی زەریا

وابزانم لەبەر ئەوەبوو من ڕۆیشتم ...
وەک هەتاوێک
راست بەناو شەپۆلەکاندا
لەناو زەریادا ئاوابووم.
خۆم لە ناوەوە بەتاڵ دەکەم
تاکو ناخی خۆم دەپێکم
لەوێدا من راکشابووم
زەریایەکی ڕەش بەسەرمەوە بوو
کە دەکرا ئاسمان بێت

لێرە تەزووی موگناتیس
ناگا بە من،
لەناو مندا،
تەنانەت چین لەسەر چینی زەریاو
ڕێچکەی چەوە تاڵەکان دابڕاون
لەو فرمێسکەی،
کە بەدوای بادا هاوار دەکا،
تاکوو بەناویدا سووڕ بخوا.
لەوێ لەمدیو ڕۆژەکاندا،
زانایەك دانیشتووەو
هەستدەکا...
لەناو هەنگاوەکاندا وێڵبووە.
ئەو دەخوازێ بە چەو پریبکاتەوە،
لەناو خۆیدا ناخی خۆی ڕەها بکاو
کۆتاییەکە
داپۆشێ.

٢٠٠٥/٤ ستۆکهۆڵم

/ Eleonora Bru

کیژە شاعیری سوێدی، ئێلیۆنۆرا برو، لەساڵی ١٩٧٩ لەشاری ستۆکهۆڵم لە سـوێد لە دایك بووە. لە ڕۆژنامە، گۆڤارو سایتەکاندا، وێڕای شیعر، وتارو ڕانان، لەسەر فیلمو شانۆ دەنوسێ. دیوانێکی بۆچاپ ئامادەیە لە ژێرناوی (سەما لەسەر تەنافی پەردەی شانۆدا)، (شانۆی سیرکۆس) نازانم ئەو شانۆییە بە کوردی هەیە یان نـا؟ ئێستا لە زانکۆ لە ساڵێ کۆتاییە فەلسەفە دەخوێنێ .



# سیماکانی ئەو

شێروان خدر

لە چاوەکانی گۆشەکانی باران،
پەرش و بڵاو دەبنەوە.
کەم کەمیش ڕێك،
بەرەو ڕووم دێن تووڕەبوونی!
لە نیگاکانی، تەوژمی ئەم بوونە
گۆشەگیر دەکا.
تاوناتاوێش بۆمن هێور،
لە نیگامدا خۆی هەڵدەواسێ ئەم زویر بوونە!
لە پێکەنینەکانی، وێنەیەکی ئەزەلی
لەسەر پشتی مانگ ڕەسم دەکا.
هەندێك جار تریقانەوەشی بۆ من،
پەیمانێکی کورت!
***
کاڵبوونەوەی هەمیشە نەخشێکە،
لەسەر قوڵم خۆی دەکێشێ.
لە ڕەوینەوەی تریفەی مانگیشدا،
تۆخ دەبێتەوە.

له رەنگی نیشتمان،
دەستنووسێکی پەرش و بڵاو له مندا دەدۆزێتەوە!
***
له لەرینەوەی دەنگەکان،
خەوبینینێک سەدای دێتە ژوور.
له بێدەنگبوونیش،
کارەساتێک بە ناو دەمارەکانی من،
لەوەدەچێ هێشتا نامەی ئەو بەیانییە
نەگەیشتبێتە ناو دەفتەری ساڵەکانی کۆنە شاخ!
***
له مژینی هەناسەکانی جگەرە،
پەرێشانی بە دیار ئەم سەدانەوە هەڵدەدا.
چەند سەدەیەکە له من تۆراوە هەناسەکانی!
جگەرەکانی، دەستی چەپی نیشتمانن،
هەڵمنامژێ!
***
له پیاسەکان، پێڵووی چاوەکان
باوەش له یەکتر دەکەن.
له روانینێک بۆ من،
هەڕەشەی مەرگی ئەم نیشتمانە،
پەیامێکە!
***
له گۆڕینی سووراوەکان، لەدایکبوونێکە



لێوەکان تەڕتر دەبنەوە.
کاتێک کراسە شینەکەی ئاسمان لەبەر دەکات.
لەسەر گەردەن و ملی من،
گوڵە هەنارەو،
شین دەبێتەوە!
***
له دیدارێکدا پەنجەکانی شەپۆڵ دەدەن
لەسەر کزی چاوانم.
بۆم ناخوێندرێتەوە ئەدرێسەکان،
ئەرێ له کام تخوبی دونیا دەتبینمەوە ئەی
نیشتمان؟!
له کام کۆڵانی لاسار ژمارەی دەرگاکەت
دەدۆزمەوە؟!
له کام مۆدێلی جل و بەرگەکان تۆی بیردەکەوێتەوە
یادەکانم؟
کام ژمارەی خانوو ماڵە شەهیدەکانی جیرانمە؟
کام سەنگەر، ناوی خۆم و هاوڕێکانمی تێدایە؟
بێوەژنەکان لەسەر کام گەلای پیر پاڵکەوتوون؟
ئەی نیشمان!
له کام دیدار هەناسەی سووراوەکانی بەسەر لێومدا
پەرت دەبێتەوە!
ئەی نیشتمان!
لەوەدەچێ کات وەک دیلێک منی بارمتە کردووەو

لە سەر پشتی گەڵاشدا، تۆ
دڵۆپ.. دڵۆپ بەسەر نێوچەوانی چەرخەکاندا
دێیتە خوارێ.

***

کزەبایەك هەنگاوەکانی، جیابوونەوە.
تۆ روو لە هەر کوێ دەکەیت،
هەمان ئەو رێگایەیە کە لێی ونبووی.
من روو لە هەر کوێ دەکەم،
هەمان ئەو دارستانەیە کە لە ناو پرچی خۆتدا
هەڵتگرتووم.
من لە ناوتدا دەژیم و لێت جیابوومەوە.
تۆ لێم جیابوویتەوەو
تەرمی هەستەکانمت لە کوڵ خۆت ناوە، ئەی
نیشتمان!
نێوانی مەمکەکانت گۆڕی ماچەکانی منە.
هەردوو سەر گۆی مەمکت،
کێڵەکانی ژوور سەری لێوەکانی منە.
لە یەکەم وانەی مێژوو،
لە مەکتەب منداڵبووین گۆڕی کەسی تر بوون!
ئەی نیشتمان!
دەنگی کەسی تر بوون!



رەنگی کەسی تر بوون!
پێکەنینی کەسی تر بوون!
دەفتەرو قەڵەمی کەسی تر بوون
لەسەر دەفتەر رەسمەکەی مندا دەڕشایەوە!
گۆرانی نیشتمانێکی تر بوون
بۆت دەوترا، ئەی نیشتمان!

## ئاسمانەکەی ئەودیو!

لە نێوان تۆی "ستۆکهۆڵم" و منی "سلێمانی"دا

من لەودیو شەبەنگەکانی هەتاو،
تۆ لەودیو بازنەکانی بەفر.
مۆنیتەرێکی بچکۆلانە لەسەر مێزەکە داگیری
کردووین!
من بە سوعبەتێکی ناسکەوە لە ناوت دەپرسم،
تۆ بە زەردەخەنەیەکی تەڕەوە.
من بەلەززەتەوە پرسیاری رەنگی چاوت دەکەم،
تۆ بە ئەشقیابوونەوە پرسیاری کەچەڵ بوونم.
من دانیشتووم و پەنجەکانم زەرد بوون لە دوکەڵ،
تۆ هەنسک دەدەی و چاوەکانت رەشکاویان
لێتدەکێ.

من دەنووسم و پرسیار .. مێژووم بیردەباتەوە،
تۆ خۆت ون دەکەی و دەنگت نامێنێ.
من پەنجەکانم رووت دەبنەوە،
تۆ مەمکەکانت تەزیون لە چاوەڕوانی.
من بە نامەیەکی ئەلیکترۆنی هەناسە دەدەم بە
ژیان،
تۆ بە شەهوەتەکانت نیگای مانگەشەو دەدزی.
من زەنگێکت بۆ دەنێرم،
تۆ بێدەنگییەک.
کە دێیەوە، غەریبی خۆمت بۆ دەردەبڕم،
کە دەڕۆی، ماچێک لەسەر لێوم بەجێدێڵی.
من پەرێشانی سەر کورسییەکە بووم،
لە نیزامی گەردوون بچینە دەرەوە.
تۆ پەرێشانی پیاسەیەک و رووتبوونەوە بووی،
لە نیزامی قسە کردنەوە، بچینە ناو چوارگۆشەی
جوولەوە.
تۆ سێبەرت ون بوو لە ئاسمان،
من کزبوونەوە داگیری کردم.
تۆ دەنگت وەک بەفر چلوورەی بەست،
من کورسییەکەم بە تەنها لەگەڵم بێدار مایەوە!

سلێمانی ٧-٨-٢٠٠٥

●



# هەناسەیەک

باران عەلائەددین

لە ئێوارەیەکی ساردی ئەم غوربەتەوە چ ئاگرێکە
وەک پشکۆ پاکیزەکانی وەتەن هێدی هێدی
ئەمسوتێنێت؟
لە نیوەڕۆیەکی گەرمی غوربەتا!!
چ نەرمە بایەکی فێنکە شنە شن
ئەملاوێنێ؟
لەم شەوە دەیجورانەی بێ نازیمدا
پێم بلێ ..تۆ پێم بلێ
چ ئاهێکی وەنەوشەییە
ختوکەی ڕۆحم ئەدا...؟
وەرە با پێکەوە ئەمشەو
پەپولە تۆراوەکان ئاشتکەینەوە
بە رەنگە ساناکانی مناڵیمان
باڵەکانیان بۆ نەخشکەینەوە
وەرە...
با دەرسی بەرائەت بە نەورەسەکان
بڵێینەوە..

با پایز بپێچینەوەو
بەهارێك بخولقێنین .. بەهارێك لە سەوزایی
حەرفەکانی تۆو      عەیارییەکانی من
ئاسمان خاڵی بکەینەوە لە غەمگینی چۆلەکەکان
وەرە....
با سەفەر بە نوری عەشقەوە بکەین
وەرەو....
با عەرشێکی زیوینت بۆڕاخەم..
لە شەوێکی هەناری گەڕەکدا
بۆن بە سولالەکانتەوە بکەم..
با پێکەوە سرووتەکانی عەشق بچڕین
دەوەرەوە..
چی؟ لە سەفەرێکی
ژێر دڵۆپەکانی باران ئە فسوناوی ترە؟؟
پێم بلێ؟
چی؟

(بەفران باری ٢٠٠٥)  تۆرۆنتۆ- کەنەدا

### گرەوێك بۆ دۆڕان

کە تۆ لە خودەی بەجێماوی
جەنگەکانی گورگ و باڵندەدا
پریاسکەیەك شیلکی ئاوڵاویت



بۆ من هەبێت..
بە دیار  دڵ شکانی پەڕەسێلکەیەکەوە
پێم حەم  ناکرێت
کە تۆ باخەوانی ئەوباخچە پیرانە بیت
ئافاتەکانی وەرین وێرانی کردن
لەم ئێوارە  تورِ دراوانەی
عاتیفەما دڵم ئارەزوی
دیدارێکت  ناکات..
لەتۆیا لە یەکەم  دەست گرتنتا
پەنجەکانم لێ بەجێما
لە یەکەمین  ماچی بەر کوخە سپییەکەدا
لێوەکانمت تودە کرد..
لەیەکەمین باوەشتا
سلاوم لە یەکەم فیراق کرد
لە ئەوەڵین بەیانیا
ئێوارە باشت لێ کردم
لە یەکەمین ئێوارەشدا
نیشانەمان لە رۆحی یەك
ئەگرتەوە..
فێری شەرانگێز ترین
یاریت کردم..
فێری خوێناویترین ئارەزو
بەر لەوەی  پێت بڵێم

خۆشم ئەوێیت
فێرت کردم رقم لێت بێت
بەر لەوەی ماچت بکەم
وتت با گاز لە عاتیفەی یەک بگرین
هەر بە بێدەنگی خوێنمان
لە یەک ئەڕشت
شەوانە لێک ئەترازاین
بەیانیان  ئاڵۆسکابوین بە یەکدا
ساڵانێکە من و تۆ لە گەمەیەکی
لا وەعیداین..
ساڵانێکە من و تۆ شانازی
بە تۆراندنی شەوەوە ئەکەین
بەیانیانیش..
بەیانیانیش  شەرم لە ئاشتی ئەکەین
لە سەرەتای هەموو وەرزێکدا
ئەڵێم..گەر عاشق نەبم
بۆنی بەرائەتی ئەم سەوزایانە ناکەم..
ئەو ئێوارانەی پایز درەختێک
روت ئەکاتەوە ناگریم...
ئەو کاتانەی گوێ بۆ گۆرانیەکی
غەمگین را ئەگرین
پڕین لە حەنان..
ئەو دەمەی باس لە دۆرانی



عاشقەکان ئەکەین
دڵمان بە یەک خۆشە
کە ئەزانین دەرەوەی ئێمە
بە ئێمە ناچن  عاجزین
گەر هەستیش بکەین
ئێمە بەوان ئەچین
هەر عاجز...کەواتە ئەی دۆست
لێگەرێ با بۆ ئەبەد
عاجزت بکەم...با سڵاو لە فیراقێکی
ئەبەدی بکەین...
لەم گرەوە گەرێ
من ئەزانم شتێک
لە هەردوکمانا سەرا سیمایە وەلێ نازانم
حوزنە یان  بەختەوەری؟
ئەزانم تۆش هەر نازانی..
ئەتدۆرێنم ئەی دۆست
چەند شیرینە لەگەڵ
نەغمەی ئەم حەسرەتەیا
یەکەمین سەمای دۆران بکەین!!
دەستت بێنە ئەی دۆست
لە هەر دۆرانێک سەمایەکمان خەسار
تەنها سەمایەک..

●

## ئافرەت لەناو باوەشی تارمایيەکی دیکەدا.!!!

حسێن ئەحمەد /فەرەنسا

من کە سپێدەیەکم بۆت هەبێت
تۆ بۆ شەوێکت بۆم نییە؟
کە گریانێکم بۆت هەبێت
بۆخەندەیەکت بۆم نییە ؟
کە من ماڵێکم بۆت هەبێت
بۆ باوەشێکت بۆم نییە ؟
کەڕۆژگارێکم بۆت هەبێت
بۆچرکەیەکت بۆم نییە ؟
ئەی کەسێک لەناوبێدەنگی منەوە شەڕلەگەڵ
دەریادا ئەکەیت
کە من گۆرانیم بۆت هەبێت
بۆ ئاوازێکت بۆم نییە؟
کەدیوانێکم هی تۆبێت



بۆڕستەیەکت بۆم نییە.؟
کەمن لێوێکم بۆت هەبێت
تۆبۆ ماچێکت بۆم نییە ؟
کە من دڵێکم بۆت هەبێت
بۆترپەیەکت بۆم نییە؟
یادم کە ئەگەر شتێک لەبارەی خۆتەوە ئەزانیت
یادم کە ئەگەر شتێک لەبارەی منەوە شارەزایت
منی دێوانەترین کائین دەروێشێک قسەی لەسەر
خودا هەیە
مناڵێک ئولفەتی بە نیگاتەوە گرتووە.
تۆی دڕندەترین ئافرەت، توڕەیت لەگفتی باکان
هانیوە
گرەوت لەفاڵ چییەکان بردۆتەوە.
قامچیت لەجەللاد دزیوە.
ئەی خەم ساردبەڕۆچوونی من لەمەرگا
تۆجەنگت لەگەڵ خۆتدایە نورەکان لەخۆتدا بکوژە
تۆجەنگت لەگەڵ گوڵدایە شکۆفەکانت وێران کە
دارستانەکانت بەسەگێک بفرۆشە
کەڕازینیت ڕۆژێک ساباتێکت هەبێت
هەڕاجیکە ئەوکتێبەی حەرفێکی لێوە فێر نەبویت
بی سوتێنە کراسی ژێرەوت بدڕە
پێت وانەبێت پۆشتەیی تۆ کار لەمەرگی خواداناکات
ئیش ناکات بۆبەربادی من

تۆکەخوێن ڕێژێکی خەستەیت پێت وانەبێت
گوناهبار نیت
چون تۆفانەکان موڵکی تۆن
تۆکەنوێژکەرێکی مەستیت گفتوگۆت لەگەڵ ئاودایە
تۆکەتوخمێکی زەلیلیت بێباکیت بەمن دەفرۆشیت
گوناە باریت
تۆکەمەخلوقێکی تەنهایت نەفەس لەدڵی من نادەیت
گوناە باریت
دەی ئافرەت ئەی گونهابارترین پەری
ئەی پەریترین گوناهکار
گۆرانییەکانت تاراجکە شەق لەڕەنگینی خۆت هەڵدە
مەهێڵە مەودایەك لەبەینی تۆوجەلادێکدا پێبکەنێت
جەلادێك ناپاکی لەگەڵ تۆ دەکات خوێنی یاسەمین
دەڕێژێت
تۆش مەحکوممدەکەیت بەمەرگ دڵم
پارچەپارچەدەکەیت،
پیاو کوژێك ژیان بەزەخمەوە ئەکوژێت
تۆش من بەخەندەیەکی مات
باخچە کانت زەرد هەڵ گەڕێت  ئەی ناپاك بوەرێن
کەچرکەیەك بەدیار عاشقیمەوە مات نابیت
کەلەحزەیەك خەونم پڕناکەیت لەمەرجان
کەنەفەسێك لەبێقەراری من نادەیت



من کەڕۆچووم لەعەشقا کەدەنگم لەبێ
تۆیدادەلەرزێت
کەغەمگینی وەکوهەتاو ڕۆژێك لەدڵمادەکەوێت
تۆبۆدیارنیت؟
دەستێك بەشانمەوەبگری وپێم بڵێیت کوڕەکە
وای..چەندرۆژێکی ناسکەبۆئەوین
چەندئێوارەیەکی بەرپایەبۆخەیاڵ
من تێربگریم وپێت بڵێم
ئای..سابات ئەم ڕۆم چەند خۆشەبۆپشوو
ئەمرۆم چەندعاشقەبۆماچ.....
وای..سابات ئەم ڕۆم چەند مەجبوورە بەتۆ
ئەمرۆم چەندتەڕە بەخەیاڵ
بۆنایەیت؟ ئەی ناپاك ئەی نابەرپاترین عاشق
کەڕۆژێك ناڵەم نابیستیت ئیترلەکوێیەناسکیت،؟
کەڕۆژێك نام شۆریت بەماچ ئیترکامەیە عاتیفەت؟
ڕۆژێکیان داپیرەم وتی ئافرەت لەوەناسکترە لێوێکیان
بەرکەوێت نەمرن
خودا دای ناون بۆباخچە هەرکاتێك وەری بیماڵن
خودا دای ناون بۆقەدەر هەرکاتێك پیسبووبیماڵن
خودا دای ناون بۆژیان هەرکاتێك ڕژاگسکی یەن
پێم وت داپیرەڕاوەستەئافرەت ناتوانێت عاشق
بێت؟
میوەکانی نادات بەکەس ؟ماچ وەکوجکلێت هەڵنادا؟

داپیرە ئافرەت ناسکە؟داپیرەئافرەت
تەنیایە؟داپیرەئافرەت شت ئەخوات؟
وای.. داپیرە چەنددڵم گەرمە بۆکچێک
چەندخەونی فڕینم هەیە
سەیرکەداپیرە ڕەنگم لەعاشقا زەردبووە
شێوەم لەخەوناگۆڕاوە
ئەو ئەی وت نا..بالەبێ ئیشیدانەمرێت
ئەو ئەگەر ڕۆژێك عاشق بێت کێگسکی ئێوارەکان
بات؟
کێخۆڵی خواکان بڕێژێت؟کێ جێ بۆتەنهایی ڕاخات؟
بەڵام تیاچونی تۆ ناکۆکی ئەمڕۆیە
ئەمڕۆ کەبەعزە لەگەڵ باخچەدا
کەدوژمنە بەڕەنگی وەریوی باران
کەخەمگینەبەکردنەوەی دەرگایەك لەبەهار
ببینە وەك قاچاخچییەکی خەستە سەرمان لەسنوورە
کانا تەزیوە
سنووری عەشق ،سنووری ماچ،سنووری ڕامووسانی دڵ
بەڵام ئەی ئەوئافرەتەی لێم دیارە لەناوسنوورەکانی
خۆتدائەمریت
لەناوکێڵگەکانی خۆتدا باڵندە میوەکانتە خوات
لەدالأنەکانی خۆتدا پارچەکانت لێ ئەکەوێت
پارچەی دڵ،پارچەی ماچ ،پارچەی بەیانییەکی تر



بەڵام بم بینە ئەوکاتەی پارچەی زەمەنێك
هەڵدەگری و
منی تیا لار بومەتەوە
دەست ئەدەیتە پارچەی دڵت وتەنهایی من فیچقە
ئەکات
پارچەی ماچ کۆئەکەیتەوەو کەوتنی منی تیا دیارە
دەست ئەدەیتەپارچەی ساڵ وپیرێتی من
هاڕەدەکات
بۆپارچەی مانگ دەگەڕێیت وبەدەست خۆتەوەدیل
دەبیت
بۆپارچەی زەمەن ئەڕۆیت ودەرگا لەژیان دادەخەی
بۆپارچەی ژیان ڕادەکەیت دەرگای مردن ئەکەیتەوە
ئەی ئەوەی پارچەکانتەڕژێت ڕێبەڕژانی دڵ مەیە
مەهێڵەبەختیاریت بڕوات
ئەوەی بەختیاری وندەکات دڵی بەیانی دەشکێنێت
ئەوەی خەندەکانی دەمرێت ئێوارەکان مۆمیا ئەکات
بەڵام من کەشوێنێکم لەتۆیا نییە
کەڕێگایەك نامگەیەنێتە ماڵەکەت
بەختەوەرنیم
بەختیاری من ئەوکاتەیە کەتۆلەخۆمدا ئەبینم
کەوەك ماسی بەتۆڕی دڵمەوە ئەبیت
کەوەك شەراب ئاگاییەکانم دیل ئەکەیت
کەوەك ناڵبەند خەیاڵەکانت ناڵدەکەم

**بەختیاری من ئەو کاتەیە کەمانگ ئەهێنمە**
**ژورەکەت**
**کەپاسەوانی دڵت ئەکەم ، سەنگەر لەتەنهایت**
**ئەگرم**
**بەڵام ئەی تۆ کەبۆن بەدڵمەوە ناکەیت گوناه باریت**
**کەلەخۆتدا شوێنێکم بۆناکەیتەوە گوناه باریت**
**کەمەغریبێک ئاوی خەونەکانم نایەیت**
**دەسکەنەی مردنم ناکەیت لاسکی گوڵە کانم**
**ناسڕیت**
**باخەکانم بژار ناکەیت  سینەم نادەیتە بەرهەتاو**
**گوناه باریت...گوناه باریت ئەی مایەی کەوتنەکانی**
**من لەناو مەعرەکەی مردندا**
**گوناه باریت ئەی مایەی هەڵقر چانی دڵ لەناو**
**جەهەندەمی عەشقا**
**گوناه باریت     گونها باریت**
**گ**
**و**
**ن**
**ا**
**ه**
**بار**

●



# پایزێك لە دەرگادەدا

**عومەر کەریم بەرزنجی**

ئەوە ڕاستە: ئێمە ژیانمان خۆش دەوێ، نەك لەبەرئەوەی کە خوومان بەژیان گرتووە بەڵکو لەبەر ئەوەی کە خوومان بەخۆشەویستی گرتووە.

فریدریك نیتشە

**-١-**

**سوتانی باڵی نەورەسەکان**
**گەواهی مێژووی برین و**
**چاڵە سیاهەکانی دۆزەخە.**
**ئەی دڵ“ لەم وێرانەیەدا**
**بەشوێن بۆنی کام گوڵەدا وێڵی**
**چیمەنی ژوانەکان...**
**بۆنی خوێنیان لێدێ.**

**-٢-**

**ژوانی ئەم عیشق و ئەوینە**
**لە لیباسی خوێناوی یوسفێک دەچێ**
**دوای کڕنوشی ئەستێرەکان بۆ مانگ**

ئاسمان وەك فاڵچیەکی فاشیل
قاوەی بۆ حوزنێك گرتەوە
مانگیان کوشت.
لەم دەربەندی نائومێدییەدا ئەی قەدەر
چ خەونێك بوو
پاسەوانەکانی بەردەم باخچەکانی خۆشبەختی
ڕێگای چوونە ژوورەوەیان لێگرتین.

-٣-

هێشتا فرمێسکەکانی منداڵیمان نەسڕیبۆوە
گڕکانی جێپێکانی قابیل
بەرماڵی ژێرپێی عیسایان سووتاند.
نەمان توانی...
ئایەتەکانی خۆشبەختی ئەزبەرکەین.
ئەی مەنسور" لەژێر پەلکی سەرووەکاندا
تەرمی ئەوهەموو گولاَنە حەشار نادرێن.
ئەی مەنسور" قەدەری ئەم بوونە
لە ورگی نەهەنگێك دەچێ.
لێرەدا ئومێد تروسکایی مۆمێکە
لە شەوێکی ئەنگوستە چاودا.



## پرسەی گوڵە هەڵوەریوەکان

کێ بوو پرچی گوڵە نێرگسەکانی سوتاند
شەونمی باخچەکانی نیشتمانی ئەتك کرد
بەنەورەسەکان بڵێن...
ئەم گەردەلوولی ئافاتە
لەکام دەریاوە هەڵی کرد.
بەپایز بڵێن: بۆوا هێندەزوو گەڕایتەوە.
خۆ هێشتا تەپوو تۆزی"
مەنفاکانمان نەتەکانبوو.
لە دەرگای دڵی باخەوانەکانت داو
تارای زەردی خەزانت...
کردە بەری ئەم باخچەیە.
کێ دڵی هەنارەکانی کرمێ کرد.
کێ بولبولەکانی لە خوێندن خست.
ئەی زێوان" ئەی حیکایەت خوانی مەرگ
بڵێی جارێك ختورەیەك بەدڵتا هاتبێت
لەکاتی هەڵوەرینی خونچەیەکدا.
یان خەونت بەوەوە بینیبێت
لەلەحزەی بەرلە ماڵئاواییدا
حیکایەتی ئەو تابووتانە"

بۆ ئەو خونچانە بنوسیتەوە
کە هێشتا لە حیکایەتی مەرگ تێناگەن.
ئەی زێوان ئەی حیکایەت خوانی مەرگ
بەناو ئەو لیتاوەدا سەوڵ لێدە
بەرەو ناخی زەوی  ڕۆدەچین
ئەی سیزیف ئیدی ناگەڕێمەوە
بۆ ئامێزی ئەو گوڵانەی
نەیان دەزانی لەزەت نغرۆ بوونە.

## دڵێکی شکاو... گوڵێکی قەیرە

لە ڕووت بوونەوە مەترسە، ئەی ئاو
ئەی جنسی هەورو کچی باران
لە دەرگای دڵی شەو مەدە
بەنێو ئەو حیکایەتانەدا" شۆڕ مەبەرەوە
حیکایەتی ئەو کوکوختیانەی
لەبەردەم شەستە بارانی قەدەردا
بەخوێنی خۆیان"
چیرۆکی مەرگی
ئەو پەپولانە دەنوسنەوە
لە شەوێکدا دڵیان لەژێر
ساباتی عیشقێکدا لێجێماو
فریای هەڵگرتنەوەی نەکەوتن



لە دەرگای دڵی شەو مەدە
ئەو چاوانە هەڵگرەوە
لەبەردەم خەونێکدا هەڵوەرین
حیکایەتی ئەو خەونانە بنوسەرەوە
خەونی ڕووت بونەوەی ئەو قەیرانەی
لە پێخەفی ساردو سڕی تەنیایدا
پارچەی ئەو دڵە شکاوانەیان کۆدەکردەوە
دڵێک سیخناخ بەقەلەقی خۆکوشتن
شەمشەمە کوێرەیەک لە باخچەکەدا دەخوێنێ
گوڵێک بەدەم گۆرانی وتنەوە
چیرۆکی قەیرەبوونی ئەو فریشتانە دەگێڕێتەوە
ئەو قەیرانەی لە تەنیاییدا
باوەشی لەزەت بەو پێخەفانەدا دەکەن
ئامێزیان پڕە لەکۆتری خەون و
سێوی تینوی دەستی باخەوانێک
ئەو قۆخە گەیوانە تامەزرۆی دیداری ڕێواسن
دەنگی ئەو شەمشەمە کوێرەیە گوڵەکان هەراسان
دەکات
هەراسان....
هەراسان....
هـ...ە...ر...ا...س...ا...ن...

●

# من و پاشای گەورە لە مەحشەردا

ئارام ڕەمەزان

١

سڵاوت لێبێت پاشای گەورە
دەمێك بوو دیار نەبووی ؟
هەمووومان
تاسەی دیدەنی تۆین
ئەوە ئێمەین لەم هەموو
تەنهاییە کوشندەیە ڕزگارمان کردی
ئێمە بووین بێزاری تۆمان لە ملی فریشتەکانت
کردەوە
ئەزانی هەر ئێمەشین
گێژ گێژ بە دەست
گەواڵەکانی قەدەرەوە
خول دەخۆینەوە
ئەوە ڕەحمەتەکانی تۆیە
زۆر بەهێمنی و زۆر بە توندی دەمانکوژێت



٢

ئەوە تۆی پاشای گەورە
بەم دەمەو بەیانە
چی دەکەیت؟
ماندوو نەبووی لەپیاسەی
ئەو هەموو شەقامە
هەست ناکەی ترپەی پێت
چەندەها منداڵی لەخەو کردبێ
هەست ناکەیت سێبەرەکەت
چەندەها ژن و پیاوی
بەر لەگەیشتن بە ئۆرگازم
کوشتبێ
تۆ پێویستیت بە نووستنە
دەبێ بنوویت زۆر بنوویت
زۆر ماندووی پاشای گەورە زۆر ماندووی
چەند سەدەیە نەنووستووی
زەمەنێکی درێژە
ماندوو نەبووی لەم یارییە ؟

٣

باران دەبارێت
خەڵکینە دەزانن
ئەمڕۆیە دەبینە میوانی پاشای گەورە

پاشای گەورە میوانی تۆین
دەی خەڵکینە لەژێر سولاوکەی بەهەشتدا
وسڵی خۆتان دەربهێنن
دەبێت روتو عوریان
لەبەردەم پاشای گەورە ئامادە بین !
چەندین زەمەنە خۆی
بۆ ئەم میوانداریە
ئامادەکردووە
پاشای گەورە لەیادمان نەکەیت
ئێمەین هاوەڵەکانی دواهەمین کورت
ئەوە فتواکانی ئەو بوو ئێمەی گەیاندە
ئێرە !ئەبێ لێرەش بە قەدەر میوان بین ؟!
بەڵام پاشای گەورە
بەهۆی تۆوە
هەموو تاوانبارین
چیمان لەدەست دێت بیکەین ؟

٤

گەرەکمان بوو عاشق بین
پاشای گەورە
گەرەکمان بوو هەموو شەوێ
لە ئامێزی یەکتری بەیان
بکەینەوە ...
نەدەبوو وابێت ؟



ئەبێت لەوە زیاتر چیت لێمان بووێت
پاشای گەورە
سنوری عەرشی تۆمان
نەبەزاند
دەنگی نزامان هەمیشە
عەرشی دەهەژاندی
تۆ لە پارانەوەمان وەرس بووی
کەچی ئێمە هەر بەردەوام بووین
خۆ نەنووستبووی ؟
بەئاگابووی
لە هەڵقرچانی جەرگ‌و
شەپۆلەکانی خوێنی ئێمە
دەتبینی ئەو هەموو تەرمە بە بەرچاوتدا
تێدەپەڕی
شیوەنی هیچ دایکێک
نەیگریاندی ؟
ئەوە ئێمە بووین هەوڵە بێ دەسەڵاتەکانی دواهەمین
کوڕت
بۆ وەڵامت نەداینەوە
پاشای گەورە ؟

٥

پاشای گەورە
ئەم شارە شارێکە

پڕە لە درۆزن
شارێکە پڕە لە پیاوکووژی
ئیماندار ! پڕە لە پرسیاری بێ وەڵام
پڕە لە ڕستەی کەرت بوو
خەیاڵی زیندە بەچاڵ
پڕە لە عەشقی نەگەییوو
خەیاڵی بۆگەن
پڕە لە دڵی ژەنگاوی
ئەم شارە بەهارێکە سەرنیشینەکانی
پایزن ئەم شارە پڕە لە جەستەی بێ گیان
هاواری بێدەنگ
پڕە لە ئەسپی بێ زین‌و
گوێدرێژی مودمن بە
خواردنەوە
ئەم شارە پڕە لە
مرۆڤی شەکەت‌و نووستوو
زۆر خراپ نووستوون
لەخەوێکی قووڵدان
ئەرێ
پاشای گەورە تۆ وەخەبەری ؟
٦
باوەڕ بکە پاشای گەورە
تاوانی من نەبوو



ئەو ووتی :
گەر ڕۆژێک ڕێگە بەم
کەسێک بۆنم بکا
ئەوە هەرتۆی
ئەوەیشی کە هەمیشە بۆنی دەکەم
هەرتۆی
باوەڕ بکە پاشای گەورە
بۆ من
کەس لەو گەورە تر نەبوو
کەس لەو خۆشەویست تر نەبوو
نازانم
چی لە وەڵامی ئەو هەموو پرسیارە
بێ دایکە بکەم
ئەی ئەو پەیمانانەی کە شەوانە دەیداو
بە گریانەوە  وەکو کونەپەپوو
ماڵی عەشقی پێ کاول دەکرد
دواجار هەموو دایە شنەی باو
شنەی باش دایە دەمی زەریاوە
کەسێک هەیە وەڵامم
بداتەوە؟
ئەو ئاغاو من گەدا
ببورە پاشای گەورە
ئەو قسەیە لە حزورت دەکەم

زۆر لە خۆشەویستی تۆ کەمتر نەبوو
شارێکی بێ هەست بوو
کێ تاوانبارە پاشای گەورە کێ؟

٧

وەڵامی هەموو پرسیارەکان
بۆتۆ ! ...پاشای گەورە
بەڵام سەیر یاری دەکەیت
کات ...چەند لێت ئەترسێ !
ئەوان..چەند لێت ئەترسن !
بەزەیی پاشای گەورە
لەم نێو ئەم تەمو مژە
دەرمان بێنە
خنکاین.....لەم بەندەییە رزگارمان
بکە ! ....مردین .. مردین
پاشای گەورە مردین .. .

٢٤-٢٥/٧/٢٠٠٥
هەولێر



# چراکانی کۆسار

سەباحەت تاهیر

پیاوەکان
دەشتی کۆیە
بە بسکو کەزی/ ژنەکان دەپیونو
بەهاران
ڕەگ لە خاکو....پەل لە جوانی دادەکوتن
تاڵە هەڵوەریوەکان
هاوین دەبنە نسار
زستان باران
پایزانیش گەڵاڕێزان دەلاوێننەوە
تاڵە هەڵوەریوەکان
ژنەکانیش
دەشتی کۆیە
بە پشتێنی شەهیدەکان دەپیونو
گەنم بە خاک وەردەکەن
بۆیە چراکانی کۆسار
سڵاو لە تۆ دەکەنو
لەوێ... لە کۆسار
تروسکەی ئەبەدی دەبینی.

کەنەدا ٢٠٠٥

# بۆ(کامەران)ی برام

باڵندەکانی هەموو دونیا
باڵ بخەنە ناو باڵی یەك
دارەکانی هەموو دونیا
لق بخەنە ناو لقی یەك
ئۆقیانووسی ئەتڵەسی
لە ئاسمان جیا دەبێتەوەو
تۆش دەچیەوە باوەشی دایکمو
غوربەت.....................
ناتکوژی......
ئێرە تەنیا یەك شەقامە
ئەوان
لە یەك شەقام دەژین
دەمرن
بۆگەن دەکەن
تۆ ڕەسمی باخچەکان بکە
ئەوانی تر بۆ هەمووان بێت

۲۰۰۰ کەنەدا

●



# ڕێککەوتن

ڕزگار عومەر خەلیل

لە قەراخی مەرگەوە
تاوێرەکان هەڵدەنەوە
خەناوکەی کچە کرمانجی تەمەنم
ئەوێ ڕۆژێ
لەوێ لێکەوت
بە ئەسپایی گلێنەکانم داپۆشن
نەك لە شەرمی ڕووی دزێوی
هەڵاتن دا
تۆمارێکی تریش زیادکا
بەرامەی دوای نمە بارانی پایزێك
کاسم دەکاو
خوێن مەراقێکی گەورەیە
لەم وەرزی دەستەمۆبوونە
لە نووکی شمشێری کەسم
دا ئەچۆڕێ
وەرە با ڕێککەوین
نەمرین.
مژدانە....باڵات بەچی بهۆنمەوە؟
بە شەماڵو شەنگەبی چەم

یا بە گڕی ناخی سینەم؟
پەیکەرێکی لە چی چێکەم؟
لە یاقوتی حەزەکانم!
یا لە سورەتێکی پڕ خەم
یا لە عەشقی پەروانەو شەم؟
ئەمشەو، وەك شەوانی تر نیم
پڕ نهێنی ڕۆژەكان بم
هەر وەك تەرەی بەر بارانی
ڕەحمەتی هەورو
بەبێ مەئواو پەرێشانم
یا تۆ وەرە... یا ئەوەتا
ئەمشەو دێم‌و لە ژێر ڕەحمەتی پرچتدا
سەرخەوێکی بۆ دەشکێنم
تا لە تخوبی خەونێكدا
یەك...یەك پەیژەی حەزەكانت
لەگەڵ ببرم
پێش خەوتنیش
دڵنیابە
هەر لە چاوانت تێ دەگەم
تۆ مژدانەو
تۆ مزگێنیو
من حەیرانێکی بێ هوودەم.

هەولێر ٢٠٠٤

●



## گوڵێك بە بۆنی غەریبی من هەڵوەری ..!

**پێشكەشە بەو ئیسانەی بەژنی شیعر ڕێزی دەگرم**

**دانا عەسكەر**

بەر لە نیشتنەوەی ماچێك لەسەر لێوی حەزێكی
دەروێشانە..
بۆ عیشق
بەر لە ناڵەی شمشاڵێكی دیل، بەلێوی سۆفیەكی سەر
شێتەوە...
بۆ ئایەتەكانی خاڵی بوون لەپیری
كەس چەمێكی بە ئینسافی نەبردەوە
سەر میزاجی گەڵایەكی هەڵوەریوی دڵی من
تاتێر بەبۆنی غەریبی ئێوارانم..
لە تەفسیری هەڵوەرینی گوڵێك حاڵی بێت‌و
لەگەڵ پایز پیاسەیەك بە پیربوونمدا بكات
ئای لەو جێهێشتنانەی هەموو نیوەڕۆیەك بۆ یەكتری
دەڵێینەوە

سپیدانیش بەرلەوەی داڵغەکان بەسەر تەنافی
خەندەیەکدا..
خۆیان هەڵبخەن..
رەشەبایەک بەقەستی بیر چوونەوە پێیاندا دەڕژێ
ئیدی نە من بەبۆن و بەرامەی دەرختێکی
بەساڵاچووی تەنیاییم، لەسیحری ئەو چاوانە حاڵی دەبم.
نەتۆش لەو هەڵقرچانە دەگەی، کە بۆ عیشق
رژاوەتە..سەر پەڕوباڵی حەسرەت و..شکانی پێکی،
شیعرێکی شوشەیی دەستی مەستان
چ وەرزێکە بۆ هەڵوەرینی ئیمانی منو..هەراشبوونی
هەرەسێک، بەو جوانیەوە لەتۆدا..
ئەو جوانیەی ، هەموو بەیانیەک بۆ چرکەیەک
دەمباتە فیردەوسەکانی خاڵیی لە گووناه.. خاڵیی لە
تەنیایی
ئەو دەمانەی لە نێوان من و تۆدا..
شێتیەک دەبێتە پاڵەپەستۆی
عەتف و ..لە وەرزی توڕە بوونی ئێمەدا..پڕدەبێت
لە بەرائەت
نازانم چۆن بەناحەق دەسکاریی ئەو لاولاوەم کرد
کە تۆبە حەنینی گۆرانیەکی بناری سەفین..
هەموو رۆژێ ئاوی دەدەی
من نازانم بەر لە کۆکردنەوەی تەمەن..



خەیاڵ و چ گۆرانییەکی سەر شێت لەناخمدا
هەڵدەکاتو..
لە قرچە قرچی سۆڵۆی کەمانێکی یاخی لە ژەنین
کۆتاییەکی بێ شەریک و لامەکان بە داهاتوومدا..
دێت و دەڕوات.. دەڕواتو.. دێت
تا دەگاتە سەر کەمپێکی خاڵیی لە عیشق
خاڵیی لە بۆنی گوڵەکانی حەقیقەت
خاڵیی لە جورئەتی نێوان منو..تۆو..گەوجیی ژیان
ئەو ساتەی دۆستایەتی لە مابەینی تەوقەیەکی منو
تۆدا..
وردوخاش دەبێ
ئیدی نە رەونەقێک بەڕوانینی قەلاوە دەمێنێ
نە ئێوارانیش هاتووچۆیەکی مزری تێدا دەڕوێ
ئێمە نامەیەکی داخراوین..
درەنگە بۆ نووسینەوەی خۆشەویستی دەکرێینەوە
درەنگە لە مردنی باڵندەیەک دەگەین..
درەنگ درەنگ..
ئەو دەمانەی لاپەڕەیەکی مەحاڵ بە ناونیشانی..
قەسیدەیەکی سەر شێتی منەوە هەڵدەواسی،
درەنگ درەنگ..
تۆ حیکمەتێکی قەد باریکی ئەم حیکایەتە سەر
سەختەی منی،
لەهەڵدانەوەی رۆژەکانی عەتف و ..

پیاچوونەوەی وانەکانی هەڵفڕین
تەنیاییم پڕدەکەیت لەگوڵی سەوسەن
نەبادا لە بەراویتە بوونی خەندەیەكو..
ڕەوکردنی پێنووسەکان..
هاتووچۆیەك لە ئیحساسماندا..نەزیفی پاکی
بێتو..
منیش کەسێك شك نەبەم، بۆ تیمارکردنی
دڵشکاویی خۆرنشینو..
رزگار کردنی کچێکی مودمین بە عورفو عادەت
تالە پاڵیدا..
ئیعلانی کوشتنی خۆمی تیا بڕیاربدەمو..
لە کونجێکی قەناعەتدا..
باس لە مردنی ئاوازێك بکەم، بەلێوی شمشاڵێکەوە
هەڵواسرابێ
ئای لەو قەسیدانەی پڕن لە خڵتەی شەرو..گومانو..
ترس، کە هەرگیز نەیانتوانیوە لە قامەتی خوێنو..
مردنو ..تاوان کاڵتربینەوە بۆ ژیان..
کاڵتر ببنەوە بۆ دڵنەوایی کچێکی شۆخ، بەسەر شانو
ملی...خەونێکەوە شۆڕ بوبێتەوە
لە خەونی گەرمی قەسیدەیەکی (نالی) بچێ
لە کۆکردنەوەی زامەکانی (حەبیبە) ماتەڵ بووبێو..
کەس دڵی نەیات وەئاگای بکاتەوە



چ خەونێکی بێ ڕەنگە داخستنی کتێبەکانی ژیان
بەرووماندا
چ هەورێکی تەڵخە نووستنی بارانی دڵنیایی
چ دارستانێکی بێ نەزیرە زەمەن
لقەکان بۆ هەڕەشە لە کارکردن، بۆنی بارووتو..
گوللەو ..زام دەچڕن
بەبادەی شەرابی تاڵی شەڕ
دەوەن بەدەوەنی مەرگ، بەرووی رامووساندا
دەکرێنەوە
هەنارەکانی ئومێد، بە نەغمەی گوناهەکانی
قرتاندن..لە دەستەکان یاخی دەبنو.. دەنك دەنك
کەوتنی خۆیانو..توڕەبوونی گەڵاکان
بەجەستەی تەڕی زستان دەبەخشن
چ سڕێکە ..
ڕۆژەکان تاسەر لێوی زەمەن پڕن لە پێکەنینی بێ
ماناو..
قسەی بێ پەڕوباڵو ..شیعری بەستەزمان بۆ
فیڵەکانی
عیشق!
عیشقێك وەك شەراب تاڵ، وەك شەڕ لە
کردنەوەی ئاشتی نەگات
وەك تیر بە دواودەری ئیحساسدا ڕۆبچێ
ڕەش وەك خەیاڵی جگەرەیەك بەلێوی مەراقێکەوە

بۆ ئاسمانێكی خاڵیی لە هەڵفڕینو ..نامۆ بەهەڵكشان
نامۆ وەك شیعرێكی عەیار، بەبەژنی مامزەكانی
ئەوین ..نامۆ وەك فیردەوس بەبینینی مەل و داڵ و
ململانێ..نامۆ وەك ئەو كورسیانەی
غەریبی دانیشتن دەكەن
نامۆ وەك ئەو شەقامانەی
غەریبی هاتووچۆدەكەن
نامۆ وەك ئەو شیعرانەی زەنگی غەزای عیشق
لێدەدەن..وەك بۆنانەی شەڕ دەیانباتەوە زوڵمەتی
نووستنی شارەوە..نامۆ.. نامۆ .. وەك نوستنی
گوڵێك بەسەر سنگی غەدرەوە
نامۆ ..

٢٠٠٤/٥/١٥
كەركوك



# خەونی موسافیرێك

شوان عەلی

پێشكەشە بە بەڵێن قادر

"ئەم قەسیدەیە لە یەكەم ڤیستیڤالی لاوان لە ساڵی ٢٠٠٣ خوێنراوەتەوە"

عاشق هەمیشە موسافیرەو
جارێك بەناو وڵاتی خەندەو
جارێك بەناو دەریای یادەوەریو
جارێك بەناو دونیای خەیاڵو
جارێك بەناو فرمیسكەكاندا
گوزەر ئەكا...
ئەو ئێوارەیە
بە گەیشتنی یەكەم نامەو
وێنەكانی موسافیر
هاوڕێكەم بیركەوتەوە
ئەوسا بەدەم خواردنەكەی
یەكەم پێكی یادەوەریەكانو
یەكەم دیدارو
دوایین لقی ماڵئاواییەوە
وتم...

به داخەوە هاوڕێم
عەشق بواری نەدایت‌و
لە باوەشی نەگرتی
سەرشێتانە ڕێگای سەفەرت
گرتەبەرو
لە چاوتروکانێکا
وەکو باڵندەیەکی شەوارە هەڵفریت‌و،
لەندەن بوو
بە هێلانەت
لە تەنیشت(بیگبن)ەوە
هەڵنیشتی.
ئەفسووس ...هاوڕێکانت
دەریایەک بارانیان..بۆ ڕشتی
تاکو کەمێک دڵت لە
غوباری غوربەت بشۆنەوە
بەلاّم نەیانتوانی ئەو خەمانەت
کاڵکەنەوە لەو سەفەرە پەشیمانت بکەنەوە...
هاوڕێ... ئەم سەفەرەی تۆ
لە گریانی منالّ ئەچێ
کە تەنها خوا نەبێ
کەس لێی تێناگا
لە گەمەی ژیان ئەچێ
بە مەرگ نەبێ



تراژیدیا بەتالّ نابێتەوە
کەچی هاوڕێ..تۆ
سەفەرێک بە ئاوارەیی هاتی
سەفەرێک بە عاشقی هاتی
ئەمجارەشیان بەسەفەرێک
لە نیشتیمان ئاوارەبووی
ئای ئەمشەو
چەندە تەنیام
لە ساڵیادی ئەم کۆچەتا
یادەوەریەکانت... دەمگریێنن
وێنەکانت... دەبنە ئاوێنەی خەیاڵم،
دووریت ئەمهەژێنێ‌و
ئەبێتە ئیلهامی شیعر نووسینم.
ئای هاوڕێ
ئاوارەی بەشێکی نیشتمان‌و
خانە خوێی عەشق
لەگەلّ یەکەم دیداری یارا
دیوانێکی فەرەیدوونت
کردە دیاری‌و
ئەلقەیەکی خەیالاّویت کردە پەنجەی،
تۆ وەک عاشقانی تر نەبووی
کە هەر لە یەکەم ژوواندا
نامەیەکیان بۆ یەکتری ئەڕازاندەوە

که به تێرو دڵ نەخش کرابێ
ئیتر عاشقێکی مەزنی
یەکەم ژووانتان
ئێوارەیەکی پەمەیی بوو
گوێم لێبوو
پیرەدارێکی بە ئەزموونی سەرچنار
که دەیان عاشق ڕازی خۆیان
بە نهێنی لاباس کردبوو
پێی وتی..
ئەی کوڕە ئاوارەکە
هەر وەرزێک هاتی
بەڵێنت پێ ئەدەم
خۆم جوان بڕازێنمەوە
هەر چوار وەرز
بە سەوزی خۆمت نیشان دەم..
هەورێکی ڕەشتاڵەی دڵ پڕ لەگریان، وتی
ئەی عاشقی مەملەکەتی ڕق و گومان
هەر وەرزێک گوڵە ژاڵەت
خەم جەستەی وشک کرد
من بۆی ببم بە باران و
رقی زەویش بشۆمەوە
نەورەسێکیش
بە دلێکی بچووک و



غەمێکی گەورەوە
وتی
تۆ وەک مەلی بێ کەنارو
کەناری بێ شەپۆڵو
ماسی بێ ڕووبار
وای حیکایەتی عەشقی تۆ
ئەبەم بۆ ئەو وڵاتەی
خۆشەویستی تیا نەبێو
ئەو چیرۆکە
بۆ گشت لاوان
ئەخوێنمەوە
بەڵێ هاوڕێ.
ڕۆژگارێک بوو چاوەڕێی بوویت
هاوسەرت بێو
تارای سپی عەشقی لەسەر نێت
بەبەرچاوی شەقامەوە
ئەلقەی بوکێنی لە دەست کەیت
بەڵام..باوکی تارای کرد بە کفن و
بەبەری خەیاڵەکانتا دای دڕی
باوکی بوو بە کابووس و
ڕاپچڵەکاندی لەو خەونەو
بە ئاگای هێنای کە تۆ نامۆی بە گوڵە ژاڵە.
جەلادەکانیش... عەشق کوژەکان و

حەس حەسە لە مانگە شەو
بێدارەکانی شاریش
ڕۆژی سەد جار
وەکو عیسای کوڕی مەریەم
دڵی تۆیان لە خاچ ئەدا
خوێندکارەکانیش
دەیانووت،
مامۆستای وەرزش،
لە ژیاندا ڕاسب بوو
بڕیاری تۆش هاوڕێ
سەفەر بوو بەرەو سەراب
هاوڕێ
ئەوەی ئێستا زۆربەی شەوان
شیعرەکانم تورە ئەکا
دوا ژوانتە
لە دوای گریانو ئاخ هەڵکێشان وتت
ماڵئاوا ئەی گوڵە ژاڵە
گوڵە ژاڵەش
لە دوای ڕشتنی دەریایەک
ئەشک وتی
بە نیازی دیدار
هەناسەکەم
بە نیازی دیدار.



## لەتایی من یا مانگ؟

نەبەز محەمەد

کەواتە سەما کە.. سەما
دەزانم ئاگریش هیچ نۆتەیەکی لەبەرنیە
رەنگە قەت بیر لەشتێکی قوڕی وەکو (ئاو)یش
نەکاتەوە
ئەمشەو مانگ چەند زل بوو
بەڵام.. بەڵام چی؟ پف
باشترین شت ئەوەیە کە..
ئیتر ناوچەوانی هەرکچێک
هەر ئایەتێک
هەر شیعرێ یا..
پڕاوپڕ روکەیتە ئاسمانو یەک تف . .
نا . . سەما کە سەما
ئاخر تەڕوبڕ نەبوبم
باقی بارانی چی بدەمەوە!
ئەم شەویش مانگ چەند زلە

لێگەڕێن منیش تەنها ئەمشەو
لەهەرچی سەرکردەی دنیا هەیە کەمتر بم
سەما کە سەما
ماوم.. بەڵام نە بەژیان
نە بەو زەویانەی کە شەفەی ئاڵتونیان تیایە ئیشم
هەیە..هەرخۆمم،
چیی؟...تەنانەت بەخۆشمەوە بەتەنگ نابم
کەواتە سەما کە.. س..
تەنیایی کزەیەک لەنزیک (بوون)ەوە
کەچی هێشتا دەمەوێت
بەسەر بەردی یەئسی ئەم هەموو هەورەوە هەبم
دەمهەوێت دەستم لە خوێنی زەردی
هیچ حەرفێکیشا نەبێت
ئای هیبا ...ئەمە چەند سەدەیەو چەندجار
هێندەی ئەم گەردونەش دەبێت
کە خۆشم ئەوێیت؟
دونیایەکی نا فەرجامە.. حەز دەکەم بڕۆمو
هەر بڕۆمو بیر لەتۆ بکەمەوەو هیچ..
ئاخر چۆن بەدیار ئەو وێنانەوە
دانیشم کە نەمانگرت؟!
ئەی ڕەشماڵی ڕۆشنایی
چەند تیژ عەقڵت کونکردم
چەند گەش دیوارەکانمت خوێن لیدەرهێنا



چەند سپی لەدڵما هەڵقوڵای
چەند بە منەتەوە کوشتمت
چەند بەمنەتەوە
وەک پێغەمبەرێک خوای لێون بووبێ
ونبووم...ونبوومو بەم ڕۆحە سەراویلکەوە
بەم دنکاڵە گۆشتەوە کەناوی دڵە
هێشتا ماوم...بەڵام چۆن ماوم کە لایەکم
بەزیندوویی گڵ دەیخواو
لایەکم بەزەردو سیسی بەژیانا دەگەڕێ!
ئێستا خۆمم
هەر خۆمو هیچ کتێبێک
هیچ شەقامێک. . هیچ شارێک هیچ هیچ
تەنانەت هیچ ڕەقەمی تە لەفونێکیش
هەر خۆمو ... بەپاڵ خۆمەوەم
وەکو کێلی پەنجەرەیەکی بێ باخچە
بەخۆمەوە نوساومو
نامەیەکم نوسیوە نازانم بینێرم بۆ کێ
دڵم تەنگ تەنگە
سەرمایەک نامکوژێو ناوچەوانیشم هەڵناکەنرێ
بەچەقی ئەم پەنجەرەوە
کە ناڕوانێ بەسەر خۆما!

سلێمانی
٢٠٠٤

# کچەکەم لێرە فێری چی دەبێت؟

**پێشڕەو حسێن**

ئەم ولاتە
کچەکەم وەختی دلداریی هاتووە..
کەس نیە پێی بلێت
گولالەسورە وەهمی عاشقێکە
پێی بلێت: ئەمڕۆ نیوەڕۆ
باوکم لەوسەری سفرەکەوە
دایکم سەوزەی سەر سفرەکەو
تادواهەمین دێڕەکانی ئەلف‌وبێ
خۆم خۆشتر دەوێ تا تۆ
لێرە.. لەم ولاتە
کچەکەم دەچێتە قوتابخانە
باوکم عارەقی سفرەکەو
دایکم لەئامێزی دەگرێت
حەوت جار هەموو براکانم دەژمێرم
کچم دارا دوو
دارا کێیە؟
دوو چەندە؟
بۆچی بەسەرجادەدا دەڕۆنو تف دەکەن؟



کێیە ئەو هەمووە پێی دەڵێن بژی؟
جادەکان
بۆچی دراوسێکانمان لەسەر ئاو شەڕدەکەن؟
درەختەکان بۆچی کورتەبنەن؟
ئەنفال چیە مامۆستا؟
ئەم ولاتە...سنور زەڕبی هەرچیەک
دەکاتەوە زەینی ئێمە
ئێمە بەگوێی بادی سەبامان نەکرد
کچەکەم دەچێتە قوتابخانە
ئیتر ناتوانێت یاری بکات..زۆر شتی تر
ناتوانێت بەبێ ترس شەو بباتەسەر
ترس ئامرازی پەیوەندیی تاکەکانە
ناتوانێت پەرداخێک ئاو
بەبەرچاوی پیاوانەوە هەڵقوڕێنێ
کچم ئەوەی تائێستا وتراوە درۆیە
راستی هەرگیز راست نیە
لێرەدا دەستبەرداربوونی عەشق
فرۆشتنی مناڵێکە بەتاریکی
سەرۆک لێرە هەموو کەسمانە
هەمیشە لێرە دوو شەو جارێک ئاومان هەیە
سەرۆک بەشی هەموومان دەکات
هەمیشە لێرە شەقامەکان پڕن لەپیسی
سەرۆک بەفریای هەموومان دەکەوێت

هەمیشە لێرە ئاسمان وشکە
بیابان لەخەیاڵو ماڵماندایە
سەرۆک سەرمان دەبڕێو زیندانیە
هەمیشە بیر لەوەدەکەمەوە
لەوەی هەمیشە بیری لێناکەمەوە
ئیتر بەسە با نەمرم
یەکێک بەسە بۆ عاشق بوون
ئەم ولاتە... کچەکەم دەکاتە قوتابی خۆی
من لەمامۆستاکان ئەترسم
من لەسەرۆک دەترسم
ترس ئامرازی پێکەوەژیانی هەموومانە
ئیتر بەسە..
مامۆستاکان لەبەرپێوەبەرەکە بێزارن
قوتابخانە ترسناکە
ئێمە دەترسین بەمەرگێکی ترسناک بمرین
لێرە مردن ترسناکە
ئیوارەیەک لەبەر هیچ دەمکوژن
دەمکوژنو ناهێڵن جارێکی تر تەرمەکەم ببینمەوە
تەرمەکان بیری گۆڕەکانیان دەکەن
بەهەشت ترسناکە
دۆزەخێکە پڕە لەخۆشی
ئەم ولاتە بەهەشتێکی دروستکراوە
کچەکەم لێرە فێری چی دەبێت؟



# لەو حیکایەت

سۆران عەبدوڵا

تامنداڵی گەڕانەوە بەسە
ئەوساش پاش یاری لەماڵی باجی
خەستەو کەنەفت بڕی تا جێگەم دەکرد
هێند ماندوو
سەرینم تەنها بەیانیان دەدی
قوڵ قوڵ دەخەوتم
لەوێش هێشتا خەوەکانم کابوسیْ بوو
ئەو وەک خۆی هەر هەبوو
باڵای هێندی تەمەنی
تا دوا ژمارەی هزرم خشتی ئازاری بەرز
دەپانزە چین تەمەندارتر
کابوسە خەوێک ئای چ تەڵخ
سوورە سوراوێکی تۆخ
پێستی زبری سوور
چاڵ چاڵ هەریەکەو رۆژێک
زوڵفێک کە هەرگیز دەستم تێوەرنەدا
چەپک چەپک

ڕەنگاو ڕەنگ
هەر ڕەنگەو ساڵێک
منیش لەبێڕەنگیمدا بێ ڕەنگ
ئیدی نا.. هەرگیز
ڕەنگ‌و خەو؟؟؟!!!
ڕەنگێکی داهێزراو
وەک تارمایی سایەی دێوێ
درنجێ شتێک دەعبایەک
تاراندی ڕەنگوبۆم
تۆراندی خۆشیم
دابرانێک لەهەناسە دابڕام
ئەمئێستا گەر خۆشم ببینم
وەک نەناسێک سڵاوی لێدەکەم
ئاخۆ لەکام هەیوان
لەکام بیابانی بیانویەکدا
لەسەر گەڵای چ پایزێک
دڕۆت ئاوێزانکرد
ئای دەبێ چ دایانێکی دەم هەراش ناوکی بڕیبێ
بۆیەکەمجار
لەفەرهەنگی ئەمشەومدا شاتە شاتم دی
چ بێزێک ئێقی پێدام
خەو تا خەوێک دی
شەواو شەوێک



پەردەی گلاراوی دیدەم (خپ)
لەخۆما دەرگا دەبووم
دەگەڕام تا وردە وردە
خەواڵوو دەبام
ترس لەفەرهەنگمدا
بەخەتێکی زبری گرگن
لەسەر دەرگای ئەم دەرگایەم
بەنینۆکی پەنجە توتە
چیڕەی ڕۆژە ڕێیەک
لەسەر تەختەرەشی ئەم ڕۆحە
ئازار هەڵکۆڕا
ئای چ ئازار...؟
باڵا باڵاو گەز گەز ئازار
ڕۆحی دەگەزیم
لەتەنیاییمدا بەخۆمدا نوسیم‌و بەخۆمدا خوێندمەوە
شاهنشای درۆ بەراستی زانیم
تاهەنوکەش (هێها) هەناسەیەکی قوڵ
بۆ یەکەمجارە هەناسە بۆ خۆم بەخۆم
تا گەورەبوون‌و تێزۆکی ئێستەش
هەرخەوێک بوو
لەخشتە بردنی من
سەراپا پلان بوو بۆم
لەم‌و لەو و لەتۆ‌و

تا لەسۆزی مار-یشی کردم
بێهودەبوو
ماڵئاوایی لەو چۆن دەکرێ
قەد ناتوانی
سنگی راهاتوو بەچەقۆ
نەستی راهاتوو بەتۆ
بەسوتوییش ناتوانی هەرگیز
بەنەشئەی ژیان بڵێی بڕۆ
لەمە هەرگیزتر نایەت
درۆ دورین لێفە باشترە تا دڵ
بەتۆزقالێکی کەم لەخۆمو
یەك دوو پارچە وردە نەفەس
بەهەندێ هەناسەی ئەو کاتەی لەمنا هەوا سافتر
بوو..تا گەشتمە بەردەرگا
دیسان ئەو کلیلدار بوو
داخراوترین دەرگا بووم لەخۆمدا
ئاسنگەرەکەشم نەیدەزانی
چ داخرانێك ئەو لەخۆمدا دادەخەم
ئای چ سەیر؟
دوێنێ یان کەنگێ بوو...پەنجەرە بووم
ئەو لەمنەوە دەیڕوانیە ژیان
لەپەنجەرەش نەدەچووم
هێند نابار



ئەمڕۆ لەسیکڵدانۆچکەی تازە تەقیومدا
وردەی بۆنی نەفەسی
دوای ماچێکم دۆزیەوە
تاسنگم گرتی بەسیما نوساند
تا هەوا هەبوو
راوەستاوترین دەرگا دەبووم
تا ئەو دێت هێند توند
خۆم لەداخراندا دەشکێنم
تا کپ بوونی کزەی هەوەس
ئاوەچۆڕکردنی شەهوەت
تا بێئاوکردنی شەتڵی گوناە
لەخۆمدا داخرێم
تا ئەو نەیەت کۆانەوەم مەحاڵتر
کلیکم دەوێ
بێ ئەو هەرگیز
بەهەواڵی ماڵئاوایی لەوی کلیل
ناڵەی داخرانم تا برایم پاشا
تا بالەکۆنی ماڵی کچی پاشاش دەبیسترێ
ئای زرم..دەرگا بم باشە یان هەر دەرگابم
بادەرگابم
"نوسراوی سەر کۆنە درگایەك" *

★ ئاماژەیە بەشیعرێکی (بهزاد کوردستانی)

## زنجیرەی کتێبی چاپکراوی سەنتەری نما

| ژ | ناوی کتێب | ناوی ن، و |
|---|---|---|
| ١ | گیروگازی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی | ئیسماعیل کوردە، رەوشت رەشید، نووری بێخاڵی |
| ٢ | دیموکراسیەت جیاوازیو پێکەوەژیان | ئیسماعیل کوردە |
| ٣ | چەمکە ئەنترۆپۆلۆژییەکان | دیار عەزیز شەریف |
| ٤ | قوتابخانەی فرانکفۆرت | ئیسماعیل کوردە، رێبین رەسول، نوری بێخاڵی |
| ٥ | راپسکانێ لەدنیای سیاسەت | ماجید نووری |
| ٦ | دەنگو سێبەر | ئازاد صبحی |
| ٧ | ئوشێنکاتی یەکەم، لەدووەم ئێستای سەگوەر | موتەڵب عەبدوڵڵا |
| ٨ | فروغی فەروخ زاد | سۆران نەقشەبەندی |
| ٩ | سێبەری با | د. موحسن ئەحمەد عومەر |
| ١٠ | مۆمیای عەرشی سپێدەیەك | ئیسماعیل کوردە |
| ١١ | ترسی ژمارەکان | شەهرام نامق |
| ١٢ | باخی زەمەنە بەزەخیەکان | بابان حەمە |
| ١٣ | لەسەرما ئاژاوەیەك هەیە بۆ خۆکوشتن | رامیار مەحمود |
| ١٤ | بۆشایی دنیا | نەبەز گۆران |



| | | |
|---|---|---|
| ١٥ | رۆژێك کە تاكو تەنیایە | سەرهەنگ حەمە عەلی |
| ١٦ | جەژنی مەرگ | کەژاڵ ئیبراهیم خدر |
| ١٧ | سەفەرێ بۆ رۆژهەڵات | کەریم دەشتی |
| ١٨ | قولاپی ماسی | دڵشاد کازم محەمەد |
| ١٩ | لەو دیو دەرگا داخراوەکان | ئارێز عەبدوڵڵا |
| ٢٠ | گەمەی وردە ماسی | صەلاح عومەر |
| ٢١ | مۆدێرنەکان | ئازاد بەزنجی |
| ٢٢ | دەربارەی عەلمانیەت | بەختیار عەلی، شاهۆ سەعید، هەڵکەوت عەبدوڵڵا،ئیسماعیل کوردە،جەمال حسێن،توانا ئەحمەد |
| ٢٣ | مارتن هایدگەر | ئیسماعیل کوردە |
| ٢٤ | سوننەت، مۆدێرنە، پۆست مۆدێرنە | راسان موختار |
| ٢٥ | بیرمەندان لەهەزارەی سێیەم رادەمێنن | رێبین رەسوڵ |
| ٢٦ | عەلمانیەتی ئەوانو نیگەرانی ئێمە | ئیسماعیل کوردە |
| ٢٧ | عەلمانیەتو کاریگەرییەکانی | جەمال پیرە |
| ٢٨ | دەسەلاتو حەقیقەت | ئیدریس شێخ شەرەفی |
| ٢٩ | گلگامێش | ئیدریس شێخ شەرەفی |

| | | |
|---|---|---|
| ٣٠ | پێکهاتەو ڕاڤەی دەق | مەسعود بابایی |
| ٣١ | ڕۆژهەلاتو ڕۆژئاوا | ئاسۆ جەلال |
| ٣٢ | لەهۆکهایمەرەوە تا هابرماس | ئیسماعیل کوردە، جەمال پیرە |
| ٣٣ | دەروننزانی | یوسف عوسمان حەمەد |
| ٣٤ | کۆمەڵناسی | ستار باقی کەریم |
| ٣٥ | هیگڵ | ڕێبین ڕەسوڵ |
| ٣٦ | فەلسەفەی کۆچەری | هەندرێن |
| ٣٧ | ئەدۆنیس | موتەڵیب عەبدوڵلا |
| ٣٨ | داستانی سەفەر | باهۆز مستەفا |
| ٣٩ | ئیسلامو ڕۆشنگەری | هێمن مەحمود |
| ٤٠ | پێکهاتەو ڕاڤەی دەق/٢ | مەسعود بابایی |
| ٤١ | ئاشنابوون بەهیگڵ | ڕێباز مستەفا |
| ٤٢ | بێوار/ ڕۆمان | د. کامەران مەنتك |
| ٤٣ | ڕێگای یاخیان/ ڕۆمان | ئاریز عەبدوڵلا |
| ٤٨ | پێکهاتەو ڕاڤەی دەق/٣ | مەسعود بابایی |
| ٤٩ | تەختەی شانۆ | کامەران حاجی ئەلیاس |
| ٥٠ | ئاومار | شاخەوان مەلا مەحمەد |
| ٥١ | ئەماچانەی بەلێومانەوە.. | ئارام قادر |
| ٥٢ | شارلی چاپلن | و: کەمال عەبدوڵلا |
| ٥٣ | ڕەخنەو ئایدیۆلۆژیا | حەیدەر حاجی خدر |










